Saladin University – Erbil
College of Education
Special Education Deportment
Fourth Class - Diversity

زانكۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
كۆلیژی پەروەردە
بەشی پەروەردەی تایبەت
قۆناغی چوارەم / (فرەیی ـ التنوع) Diversity

2

# Diversity

## (فرەیی ـ التنوع)

پ.ی.د. مهدی عباس
بەشی پەروەردەی تایبەت

سالی خوێندنی (٢٠٢٢ ـ ٢٠٢٣)

**پەروەردەی مەدەنی:**

پرۆسەیەکی رۆشنبیریی هۆشیارییە، ئامانج لێی بەدەستهێنانی رۆرشنبیرییەکی هاوچەرخە لە سروشتی هاونیشتمانی بووندا دەخولێتەوە، بە جەخت کردنەوە لەسەر رێکخراوەیی مافەکانی بە شارستانی بوون وسیاسەت. پەروەردی مەدەنی لە رێگەی بەکۆمەڵایەتی بوون و بە سیاسی بوون (التنشئة الاجتماعية والسياسية) لە چوارچێوەی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانەوە بە ئامانج دەگات.

پەروەدەی مەدەنی پرۆسەیەکە تیایدا رەهەندی سەرەکی دروست دەبێت لە چەسپاندنی هاونیشتیمانی و مافەکانی مرۆڤ و بیناکردنی کۆمەڵگەی مەدنی.

**هەروەها پەروەردەی مەدەنی** بریتییە لە کۆمەڵە بەرنامەیەك کە لە رێگەیانەوە شارەزایی ئاشنایی دەربارەی بنەچە و بنەما و کۆڵگەکانی دامەزراوە دەستوورییەکان و یەکسانی نێوان رەگەزی نێر و مێ و کاری کۆمەڵایەتی بەدەست دێنین، لە بەرامبەریشدا، هاووڵاتیان بەهۆی پەروەردەی مەدەنییەوە کە بازنەی بیرکردنەوە و زانیارییان فراوانتر بووە بۆ ناسینی مافەکانیان لە دەستوور و تەکنیکییەکانی رێکخستنی کۆمەڵگەی مەدنی، دەتوانن بەشداری کارا و کردەنی لە کاری کۆمەڵگەی ناوخۆی و دامەزراوەکانی فەرمانڕەوای و دانانی نەخشەرێگای سیاسەتەکاندا بکەن.

- زاراوەی پەروەردەی مەدەنی گوازشتە لە شێوازێکی دیاریکراو لە پەیوەندییەکان لە مامەڵەکردن لەناو کۆمەڵگەدا کە جۆرە پەیوەندییانە دەگرێتە خۆ:
  ١- پەیوەندی تاك لەگەڵ تاکدا لە ناو کۆمەڵگەدا.
  ٢- پەیوەندی تاك لەگەڵ کۆمەڵە.
  ٣- پەیوەندی تاك لەگەڵ کۆمەڵگە بە گشتی.

له چوارچێوەی ئەم پەیوەندییانە پەروەردی مەدەنی دوو جۆر پەیوەندی دیکە دیاردەخات، وەك پەیوەندی نێوان هاوولاتی ئاسایی و خاوەن پایە لە فەرمانڕەوایی و لە نێوان هاوولاتی ئاسایی لە نێوان خۆیاندا.

- پەروەردەی مەدەنی لە بنەڕەتدا چارەسەری کێشەی هاونیشتیمانی بوون دەکات لەگەڵ هەموو ئەو ماف و ئەرکانەی دەکەوێتە سەری.

- هاونیشتیمانی بوون پەیوەندی یان بەستنەوەیەکی نێوان تاك و دەوڵەتە بە شێوەیەکی جێگیر. هەروەها دیاریکردنی ئەم پەیوەندییە شێوەی مافەکانی تاك لەسەر دەولەت و ئەرکەکانی سەرشانی بەرامبەر بەدەوڵەت دیاری دەکات. کەواتە: دەتوانین بلێین هاونیشتیمانی بوون پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵەیەك پەیوەندی  کە لە نێوانی تاك و دەوڵەت و کۆمەڵگەدا روو دەدات، کە تیایدا ماف و ئەرکەکانی تاك بەرجەستە دەبێت.

- بێگومان هەموو کەسێك هاونیشتیمانی یە و گشت مافەکانی بۆ دەستەبەر دەکرێت لەو وڵاتەی کە تیایدا دەژیت، ئەگەر کۆمەڵگەکە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بوو، هەموو کەسێك مافی هاونیشتیمانی بوونی پێ دەدرێت. کەواتە پەروەردەی مەدەنی ئەرکێکی سیاسی هەیە.

- پەروەدەی مەدەنی یان هاونیشتیمانی بوون جەخت لەسەر ناسنامەی مرۆڤایەتی بۆ هەموو کەسێك دەکاتەوە لە چوارچێوەی جوگرافی و رۆشنبیری و سیاسی ئەو وڵاتەی کە تیایدا دەژیت. ناسنامەیەکە لە رێگەیەوە ژیانی خۆی و پەیوەندی و شانازی بە کۆمەڵە دەوروبەری و نیشتمانەی کە هەیەتی دیاری دەکات و لە ئەوانی دیکەی جیا دەکاتەوە.

- پەروەردەی مەدەنی رێگایەکە لە رێگاکانی رووناککردنەوە و کرانەوەی هزر و بیر و هەستەکانی تاك بەرامبەر بە راستییەکان، کە ئەو تیایدا ئەندامێکی سەربەست و ئازادە لە ولاٚتدا، یەکسانە لەگەلٚ گشت ئەندامەکانی دیکە لە مافەکان و ئەرکەکان بەشداری لە ژیانیدا دەکات و لەسەری پێویستە بەشداری لە گشت لایەنەکان بکات بە گوێرەی سیستمی کارپێکراو لە چوارچێوەی یاساو رێنماییەکان .

- پەروەردەی مەدەنی پێویستییەکی گرنگ و زەروورە بۆ هاوولاٚتی، تاکو بتوانێت بەو ئەرکانە هەلٚبستێت کە لێی داواکراوە بەرامبەر بە خودی خۆی و خێزانەکەی و ولاٚتەکەی و کۆمەلٚگە و نیشتیمان. لە بەرامبەریشدا بە مافەکانی شاد بێت، ئاستی ئەم پێویستییە بە رادەی شارستانی بوونی کۆمەلٚگەوە بەندە، کەواتە لە کۆمەلٚگەیەکەوە بۆ کۆمەلٚگەیەکی دیکە دەگۆڕێت، بەپێی رادەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەلٚگەوە، هەروەها پەروەردەی مەدەنی پەیوەستە بە ئالۆزبوونی ژیانی کۆمەلاٚیەتی و ئابووری و رۆشنبیری و سیاسیدا.

## ئامانجەکانی پەروەردەی مەدەنی:

پەروەردەی مەدەنی چەند ئامانجێکی دیاریکراوی ستراتیژی هەیە، لە رێگەیانەوە وەك چەمکێك هەوڵ دەدات بۆ ئامادەکردنی تاك لە کۆمەڵگە وەك هاونیشتیمانییەکی کارا و شارەزا بە مافەکانی خۆی و ئەرکەکانی، بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری و بەها و کارامەییەکان گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١- پەرەپێدانی هەستکردن بە بەرژەوەندییە گشتییەکان و ریزگرتن لە یاسا و مافەکانی مرۆڤــ.
٢- یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی پێکهاتەی کەسایەتی تاك، بەشێوەیەك بریتی بێت لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و ژیاریی.
٣- راهێنانی بۆ ئەوەی وەك هاووڵاتی یەکی سوودبەخش لە کۆمەڵگەدا بژیت.
٤- هەست کردن بە لێپرسراویەتی و هۆشیاری بوون بەرامبەر بە پابەندبوونەکانی.
٥- وەك ئەندامێکی کار و کامڵ لە کۆمەڵگەدا بەشداری لە بونیادنانی کۆمەڵگەدا بکات.
٦- درك بە مافەکانی خۆی بکات و لە بەرامبەریشدا دڵسۆز بێت لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی.
٧- تاکێکی تێرکراو بە کەسایەتی نیتشمانی و بیرکراوە بەرامبەر بەها جیهانییەکان و تواناداربێت لە خۆگونجاندن لەگەڵ پێشهاتەکان.
٨- توانادار بێت لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشانەی کە رووبەرووی دەبێتەوە لە ژیانی رۆژانەی.
٩- شارەزابوون لە پرنسیپەکانی ئەرك و ماف و دەسەڵات و دادوەری و لێپرسراویەتی و یەکسانی بەشداری کردن لە کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووری و هونەری ... تاد.. وەهەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم چەمکانە لە ناو کۆمەڵگەدا.

### رەگەزەکانی پەروەردەی مەدەنی:

پەروەردەی مەدەنی پشت بە چەند رەگەزێکی سەرەکی دەبەستێت کە پەیوەندییەکی ئالۆگۆڕکاری لە نێوانانیاندا هەیە، وەك رەگەزەکانی (ناسینی مەدەنی و کارامەیی شارستانی و باشییەکانی شارستانیی):

١- ناسینی شارستانی:

ناسینی شارستانی لە چەند بیرۆکەی بنچینەیی پێکدێت، و زانیارییەکە لەسەر فێرخوازان پێویستە شارەزایی بن و بەکاری بهێنن بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر رەفتاری هاوولاتیان، لە سیستەمی دیموکراتیدا، هەروەها ناسینی شارستانی بەشێوەیەکی گشتی لە بنەماکانی تیۆری دیموکراتی و کاری فەرمانڕەوایی کردنی دیموکراتی پێك دێت، ناسینی شارستانی کە لە چەند چەمکێك و بەخشینێکی دیموکراتییە لە ولاتێکی پێشکەوتوودا دەگرێتەخۆ کە لە ولاتەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە.

٢- کارامەیی شارستانی:

پرۆسەیەکی (ادراك)ی یارمەتیدەرە بۆ فێرخواز بۆ تێگەیشتن و راڤەکردن و بەراوردکاری کردن و هەڵسەنگاندن، هەروەها پیادەکردنەکانی فرەمانڕەوایی و هاولاتی بوونە. وەجۆرێکی دیکەی کارامەیی بریتییە لە کارامەیی بەشداریکردن کە ئەو کردەوانە دەگرێتە خۆ کە هاولاتیان پێی هەڵدەستن بۆ رێکخستنی سیاسەتە گشتییەکان و دۆزینەوەی چارەسەر گشتی بۆیان.

کەواتە کارامەیی شارستانی بریتییە لە کارامەیی بەشداریکردن و بەکارهێنانی لە لایەن هاوولاتی وەك زانیاریی لە بیرکردنەوەدا و کارکردن بە شێوازێکی تواناداار بۆ وەلامدانەوەی بەربەستە بەردەوامەکانی فرەمانڕەوایی دیموکراتی و هاوولاتی بوون.

٣- باشییەکانی شارستانی:

سێ یەم ڕەگەز لە ڕەگەزەکانی پەروەردەی مەدەنی باشییەکانی شارستانییە کە مەبەست لێی تێگەیشتنی خەسڵەتە زەرورییەکانی کەسایەتییە لە پێناو پارستنی فەرمانڕەوایی دیموکراتی و بە شکۆکردنی بەهای هاوولاتی بوونە. ئەمەش لە ریزگرتنی سامان و کەرامەتە و بە شارستانیەت بوونە لەلای هەر یەکێك لە هاوولاتیاندا، هەروەها بەردەوامی و کۆنترۆڵکردنی خودی و لێبووردەیی و خۆشەویستی نیشتمانە.

**ڕۆڵی پەروەردەی مەدەنی لە کاراکردنی بەشداریی سیاسی:**

بەشداری کردن لە پرۆسەی سیاسی بە کرۆکی دیموکراسی دادەنرێت لە هەر کۆمەڵگەیەك. بەم پێوانەیە توێژەران وای بۆ دەچن جیاکردنەوە و جیاوازی دەولەتی هاوچەرخ و پێشکەوتوو لەگەڵ دەولەتی ئاسایی بەندە بە رادە و رێژەی فراوانی بەشداری کردنی تاکەکان و کۆمەڵەکان لە پرۆسەی سیاسیدا، هەرچەند قەبارەی بەشداری کردنی نێر و مێ لە پرۆسەی سیاسیدا زیاد بکات، ئەوا ئاماژەی ئەرێنی نیشان دەدات لە تەندروستی پەیوەندییەکان لە نێوان دەولەت و کۆمەڵگە.

بە فراوان بوونی دەرفەتی بەشداری کردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە بوارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رێگە دامەزراوە هاوچەرخەکان کە تیایدا چالاکییەکانیان بە شێوەیەکی ئازادانە رێك دەخات دوور لە دەستێوەردانی حکومەت، هەوڵ دەدات بۆ دروست کردنی دەرفەتی گونجاو بۆ فراوان بوونی قەبارەی بەشداریکردنی تاکەکان لە بوارەکانی پەرەپێدانی مرۆیی و قەبارەی نوێنەرایەتی سیاسی و کۆمەلایەتی لە رێگەی کۆمەڵەکان و رێکخراوەکانی ناحکومی بە هەموو جۆر و شێوەکانیەوە کە لە ئەنجامدا تاکەکان و کۆمەڵەکان تواناداری دەکات بۆ بەشداریکردن لە کاروباری گشتی کۆمەڵگە.

**قۆناغەکانی پەروەردەی مەدەنی:**

بیناکردنی تواناکانی پەیوەندیدار بە پەروەدەی مەدەنی بە چوار قوناغ تێپەڕ دەبێت.

١- قۆناغی بیناکردنی هاووڵاتی هۆشیار: لەم قۆناغەدا هاووڵاتی چەمکە جیاوازەکانی تایبەت بە پەروەردەی مەدەنی فێر دەبێت هەوڵ دەدات وابەتسەی شارەزاییەکان و هەڵسەوکەوتەکانی بکات لە کۆمەڵگەدا.

٢- قۆناغی دیتنەوەی دەروازەکان بۆ گۆڕنکارییەکان.

٣- قۆناغی ناسینەوەی ستراتیژیەت و کەرستەکانی لێپرسینەوەی کۆمەڵگەیی بۆ چۆنیەتی پراکتیزەکردنیان (لێرەدا پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان بیرۆکەی لێپرسینەوە و لێپێچینەوە) و دەرخستنی راستییەکان.

٤- قۆناغی چۆنیەتی بەشداریکردن لە دارِشتن و دروستکردنی سیاسەتەکان بۆ گەیشتن بە فەرمانرِەوایی کردنی ئاقلانە.

بەشێوەیەکی گشتی هەر قۆناغێك لەمانەی سەرەوە وەك بازنەیەکی بەیەکەو بەستراو تەواوکاری یەکترن لە پێناو دروستکردنی (هاووڵاتی کاریگەر) لە پێناو فەرمانرِەوایی ئاقلانە. ئەمیش بە بەستنەوەی شارەزاییەکان ب کردارەکان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە و هاوبەشی و بەدەروامی و ئاسوودەخواز کە تیایدا شوێنی هەمووان ببێتەوە بەبێ جیاوازی.

**رەگەزەکانی هاووڵاتی بوون:**

١- ڕەگەزی شارستانی بوون:

کە پێك دێت لە سەربەستی تاك، و ئازادی ڕادەربڕین و بیر و باوەڕ و مافی خاوەندارێتی و دادوەری و جێبەجێکردنی ڕەگەزی شارستانی بوون لە دامەزراوە دادوەری.

٢- ڕەگەزی سیاسی:

مانای ماڤ بەشداری کردن لە ژیانی سیاسی وەك ڕەگەزێکی کارا لە دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی نوێنەرایەتی کردن وەك (پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و ... تاد..).

٣- ڕەگەزی کۆمەڵایەتی:

هاووڵاتی پراکتیزەی خزمەتە ئاسوودەییەکان بکات و مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دابین بکرێت کە بریتین لە (خوێندن و باشی چاودێری تەندروستی خۆشگوزەرانی لە ڕووی بژێوی ژیان و بەرزراگرتنی کەڕامەت و کەسایەتی هەر تاکێك و دابینکردنی گشت مافەکانی لە چواچێوەی دەستوور).

- هاووڵاتی بوون ئەوەیە کە تاك هەست بکات بەشێکە لە قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وە گشت مافەکانی تاك لە هەردوو لایەنی بەرجەستەیی و مەعنەوەی دەستەبەر بکرێت و پیادەی بکات.
- هۆشیاری هاووڵاتی بوون خاڵی دەستپێکی بنەڕەتییە لە پێکهێنانی تێڕوانینی تاك بۆ خودی خۆی و دواتر بۆ وڵاتەکەی ئینجا بۆ هاوبەشەکانی لە خەسڵەتی هاووڵاتی بوون. لەسەر ئەم بەشداری کردنە پەیوەندی بە نیشتیمان دروست دەبێت.

- له ڕێگەی بەشداری بوونەوە یەکسانی دێتە ئاراوە، بۆ هەموو تاکێك (هاوولاتییەك) ماف هەیە و لە بەرامبەریشدا ئەرکی لەسەر شانە.
- خەسڵەتی هاوولاتی بوون خەسڵەتێکە کە تاکەکان دەتوانن بە دەستی بهێنن لە چوارچێوەی چالاکییەکانیان لە کۆمەڵگەدا .

**جیاوازی له نێوان نیشتمانیی ( الوطنية ) و هاونیشتمانی ( المواطنة ):**

**نیشتمانیی:**

دیاردەیەکی دەروونی کۆمەلایەتی ئالۆزە، کۆڵەگەکەی لەسەر خۆشەویستی نیشتمان و خاك و خەڵکەکەیە، هەوڵدانە بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی، بە دەستەواژەیەکی دیکە:

دیاردەیەکی دەروونی تاکی و کۆمەڵیییە، کە تیایدا پابەندی بوونە بە کۆمەڵەی نیشتیمانیی و خاکەکەی و بەرژەوەندییەکانی و کەڵتووری هەروەها خۆگونجاندن بە چارەنووسی.

**هاونیشتمانی بوون:**

دیاردەیەکی ئالۆزە و تەوەرەکەی تاکە، (تاك) تیایدا ئەندامێکی بەشداربووە لە کۆمەڵەی نیشتیمانی و لە ناو دەوڵەتدا کە دەولەتی ئەوە. بەمجۆرە ئەو تاکە بەو خەسڵەتانە گوێڕایەل و پایەندی پێڕەوێکی دیاریکراو دەبێت کە تیایدا مافەکان و ئەرکەکان دیاری دەکات، کەواتە:

نیشتیمانی و هاونیشتیمانی دووڕووی دیار و ڕوونن گوزارشت لە پابەندبوون دەکەن بە کۆمەڵەی نیشتیمانی و بوونی سیاسی.